# دێوزمەکانی سەدە دەستیان، لەخوێنی هەزاران کەسدا هەیە

**عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی**
abdulagermiki@yahoo.com



بەیانییەکی زوو بوو دەنگی هەورە تریشقە دەهات و بارانیش لێزمە لێزمە دەباری، دونیاش جارێ تاریك و رۆشنابوو، ئەو رۆژە سەرەڕای ئەوەی رۆژێکی پڕ ناسۆر و تاڵ بوو، رۆژێك بوو جیاواز لەرۆژانی رابردوو، زستانێکی تاڵ بوو، بەڵام تەنها و تەنها ئەو رۆژە لەهەموو رۆژانی دی جیاواز بوو، کاتێك هەنار چووە دەرەوە، هەستی دەکرد بۆنی خوێندێ، بەڵێ بۆنی خوێن، سەری والێشیواو بوو نەیدەزانی لەخەیاڵدایە، یانژی لەم دونیایەدایە و بەخەبەرە، دوای ئەوەی کە هەندێ جەو پاکەوە بووەوە، لەپڕ دەنگی تاق و تریقە دەهاتە گوێ، کراسەکەی هەڵکرد و بەو بارانە دەشتی دایە بەر بۆ ئەوەی لەحەقیقەتی ئەو مەسەلەیە بزانێت چ شتێك روویداوە و چی بووە، کە ئەمڕۆژە لەلایەکەوە بۆنی خوێن دێو لەلایەکی تریشەوە دەنگی قیژەو و تەقە دێ، لەوکاتە کە لەماڵەوە کەتە رێ هەزار و یەك کارەساتی جۆراو جۆر بەمێشکیدا دەهات و دەڕۆیشت تا وایلێهات ئەوەندە ئاگای لەخۆی نەمێنێ، لەبەر ئەوەی لەولاشەوە گردەلوولێکی بەهێز هەڵیکرد تاوای لێهاتبوو، لەگەڵ باکەدا دەیکردە شەڕ ئەوجا دەیتوانی هەنگاو بهاوێژێت، ماوەیەکی درێژ کەوتە رێ بەڵام بەدەم رێگاکەوە دەگریا و جارجاریش پێدەکەنی بەم دونیا فەنابوونە، هەنار هەرچەندە تەمەنی زۆر نەبوو، بەڵام لەبێ وزەیدا جار جار پشوویەکی بۆ ئەدا بۆ ئەوەی بگاتە جێی مەبەست، چونکە ئەو لەشارەوە بەرەو ئاوایەکانی وڵاتی سووتاو دەڕۆیشت، چەند کاتژمێرێك بەرێگاوە بوو ناو بەناو دادەنیشت و ناوبەنەویش دەڕۆیشت، کاتێك کە گەیشتە جێگای مەبەست، لەبەر ئەوەی چەند تەرمێکی بینی کە لەوناوچانە بەدەستی جەلادەکانەوە شەهیدکرابوون، یەکسەر خۆی پێ رانەگیراو بورایەوە، لەدوای ماوەیەك هاتە هۆش خۆی، دوابەدوای ئەمە کاتێك گەیشتە زێدی جارانی خۆی هەندێ دڵی گەشایەوە، کاتێك کە سروشتی ئەو ئاواییەی بینی، ئیدی بۆ بڕای بەبڕ بڕیاریدا ئیتر نەگەڕێتەوە شار، چونکە هەستی بەوە کردبوو کە شار پڕە لەمرۆڤی خائین و دز و جەردەو مرۆڤ خۆر، بۆیە ئاوای هەڵبژارد، دەیزانی کە ئاوای جێگایەکی پاکە و دوورە لەدەنگی تەقەو بڕین و کوشتن، هەنار سەرەڕای ئەوەی لەشتە چارەنووسسازەکان زۆر دەیکۆڵییەوە ئەو مامۆستایەکی رێگای ژیان بوو، بەڵام ئەمجارەیان هەزار مەخابن، دێوزمەکان سرووشتی ئاوای و شاریان بەتەواوی تێکدا، چونکە ئەوان نەك دژی تەنها مرۆڤ بوون، بەڵکە دژی خواش بوون، لەهەمانکاتدا فەرمانڕاوەو دەسەڵاتداربوون، گەندەڵکاربوون، گەندەڵی بەهەموو بوارەکانییەوە، بۆیە ئیدی ژیان نەك تەنها لەهەنار بەڵکو لەو خەڵکە هەمووی تێکچوو، نەتدەوێرا فزە چییە بیکەی، زمانت هەڵبڕایە یەکسەر دەیانبڕی، دەست بەرزبکرادایەتۆ دەستیان دەشکاند، شتێکت بنووسیبا لەسەریان پەنچەکانتیان دەشکاند، دەنگێکت هەڵبڕیایە لەزیندنەکاندا داتیان دەڕزاند، ئەوان لەدیکتاتۆر دیکتاتۆرتربوون، لەتۆتالیتاریزم تۆتالیتاریزم بوون، ئەوان رقیان لەهەموو شتێکی باش بوو، رقیان تەنانەت، لەئەستێرە بوو دەیانگوت ئەستێرە بەشەوان دەدەروشێتەوە، رقیانیش لەمانگ بوو، چونکە دەیانگوت مانگ شەو رووناك دەکاتەوە، چونکە ئەوان تاریك پەرست بوون، نکۆڵیان لەهەموو بەها پیرۆزەکان دەکرد، ببوونە هۆی ئەوەی کە سەرجەم باشی و خۆشی و ئاسوودەگی ئەم ژیانە هەبێ بۆ مرۆڤەکان ئەوان دژایەتییان دەکرد،.

ماوەیەکی زۆر هەنار لەگەڵ ئەو کارەستانەدا ژیانی دەکرد، بەڵام چۆن ژیانێك، بەڕاستی ژیانێکی کۆڵەمەرگی بوو، ئیدی هەرچۆنێك بوو ژیانی دەگوزەراند، بەڵام شتێك کە زۆر گرنگ بوو هەنار هەرگیزاو هەرگیز، کۆڵی نەدا و تا دوای بەرخۆدانی کرد، بۆیە تا ئێستاش لەدژی ئەو هێزە تاریکانە لەبەرخۆداندایە. چونکە ئەو ژیانی خۆی و هەزاران وەکو خۆی دەبینی کە لەچ دۆخێکدان، چونکە دێوزمەکان هەموو شتێکیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردبوو، گشت شتێکیش لەبەر دەستیان بوو، ئەوان ئامادەن وڵاتەکەیان بەدۆلار بفرۆشن، ناموسیان بەپارە بدۆڕێنن، زۆۆۆۆۆۆر لایان ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە

خۆیان دەیانەوێت وەها بژین. ئەوان دژی ئازادییەکانی ژن بوون، بەبەهاو پیرۆزییەکانی ئینسانیەت بوون، درۆیان لەگەڵ میللەتدا دەکرد، دەستیان لەخوێنی هەزاران کەسدا هەیە کە هەر باس نەکراون و شاردراونەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەش رووخانی پتی بۆڵاین لەوانەیە هەندێ زەحەمەت بێ، بەڵام هەر دەڕوخێ، بۆیە بۆ ئەمەش هەنار هەردەم لەتێفکراندندا بوو کە چۆن بتوانێت، ئەو هۆڤانە لەناو بدات، یان بیانڕوخێنێت، بەڵام شتێك کە زۆر گرنگ بوو هەنار هەرگیز بێ ئومێد نەبووبوو لەوەی کە ئیتر هیچی پێ ناکرێت، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە هەیتی هەمیشە لەکارکردندایە، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش ژیانێك کە پێ دەڵێن بەهشت ژیانێك کە ئاسوودەگی بۆ جەماوەر دێنێ ژیانێك دوور لەخیانەت و خوێنڕشتن، ژیانێك دوور لەخۆشەویستی پروپووچ و درۆ، ژیانێك دوور لەخەڵك هەڵخەڵەتاندن، ژیانێك بری لەتاوان، ژیانێك دوور لەپێشێلکردنی مافەکانی ژنان، ژیانێك دوور و دوورتر لەدێوزمە بەناو ئینسانەکان. بەڵێ ژیانێکی وا پەسەندە، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ژیانە، هەنار بەجددیەوە ئەمجارە بەگوڕترەوە گڕی بەو تێکۆشانە نا، بۆ گەیشتن بەو ژیانەی کە پێ دەڵێن بەهشت.

هەنار زۆری حەز لەچیاکان بوو، بەتایبەتیش لەلووتکەی چیاکان، بۆیە رۆژێك لەرۆژان هەستاو چووە سەر یەکێك لەلووتکەکان و بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکرد، بمرێ خیانەت بژی ژیانێکی شەرفمەند.